www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-2-2006 12:53

# چوارینەکان.. بۆ ژیان ... م. حەمید عەزیز

ووشەی جوان هەمووی خۆشەویستی یە
سبەی دێتەسەر تەمەنی ئەمڕۆش
تەمەن زۆر کورتە بۆ شادی بژی
بژی لەباخی سەوزی گوڵ فرۆش
...
مەگری بۆ دوێنێی ڕەنگ پرتەقاڵی
سەیری سبەینێی سپی تر بکە
سەر مەخە کۆش و بیری دوێنێ کەی
پێکێ شەرابی بۆ زیاتر بکە
...
ئەوەی پێناوێ خوێناوی ببین
من و تۆ ئیتر لەم کەونە ناگەین
بەمن چی تۆ چیت لەکوێوە هاتویت
بابەیەکەوە دەست لەملانێ کەین
...
هیلاک و شەیدای دولبەرێکم من
هەناسەی تێکەڵ بەهەناسەم کا
پشویەک بدەم لەناو چاوانیا
دوور بم لە گریان هاوڕێی شادیم کا
...
لاپەڕەی بوونم هەڵمەدەرەوە
گشتی ئەسرین و دڵشکاوی یە
دەفتەری دوێنێ دڕاوو ژاکاو
دێڕەکانیشی گشت خەماوی یە

M_Hamidaziz@hotmail. com